# بۆرصەی کوردستان. .

# لە نێوان گەمەی دینارو دۆلاردا. . !

**تاریق جەوهەر سارمەمی**

جاران کە باسی ئەگەری هەڵگیرسانی شەر وپێکدادنێکی نێوان واشنتۆن وبغدا بکرابوایە دەیان وت : باسی مەکە با دۆلار بەرزنەبێتەوە وشتمان پێ ناکرێ ! بەڵام ئەمرۆ بە پێچەوانەی ئەوە لە کاتێکدا رۆژانە ئەگەرەکانی روودانی شەر لە هەموو جارێك زیاترە، چەند رۆژێکە بەهای دۆلار بەرانبەر بە دیناری کوردی (عێراق) لە بورصەی کوردستان بە شێوەیەك لە دابەزین دایە! کە بۆتە جێگای بایەخ پێدانی خەلك و بازرگانان وبەرپرسانی حکومەت هەرێم. هەموومان ئەوپرسیارە لە خۆمان دەکەین، هۆی چیە دۆلار (باوکی دراوەکان) بەرانبەر بە دیناری (کوردی) بەو شێوەیە لە شکان ودابەزین دایە ؟! کەچی لە بازاریش جگە لە ئامێرە کارەباییەکان کە بە دۆلار دەفرۆشرێن، باقی پێداویستیەکانی ژیانی خەلك گۆرانی بە سەر دانەهاتووە وتا ئیستاش زۆرشت هەیە لە بەر گرانیەکەی فەرمانبەرێکی هیزی کار پێی ناکردرێت ! بازاری کوردستان کە پشت بە ئابووری قاچاغ و داهاتی گومرگەکان و بەشێکی پارەی پرۆژەکانی بریاری 986 دەبەستێ، لە سەر بنەمای ژێرخانێکی وێران وداتەپیو بەرێوە دەچێت کە لە سەردەمی عەهدی بائیتەوە وێرانەکراوە. بۆیە ئابووری کوردستان پێچەوانەی هەموو رێساو یاسایەکی ئابوری ولاتانی دنیا بە رێوە دەچێت و بۆتە مەتەڵێك و شارەزایانی بواری ئابووری جیهانیش سەریان لە حیکمەتی بازارو بۆرصەو ئابووری قاچاغی ئێمە دەرناچێت!.

گەمەی نیوان دینارو دۆلار جگە لەوەی کاری لە داهاتی پۆرە فاتم و مام عەوڵاکانی لای خۆمان کردوە کە مانگانە لە هەندەرانەوە حەواڵەی گەلایان بۆدێت، رەنگدانەوەی سلبی بە سەر پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە ولات هەیە کە لە چوار چێوەی بەرنامەکانی بریاری 986 جێبەجێ دەکرێن. بە شێوەیێك دوور نیە تا ئەنجومەنی پلان دانانی کوردستان کۆدەبنەوە پلانێکی خێرا بۆ فریاکەوتنی تەقەلوباتی نرخی دۆلار دادەنێن، زۆربەی بەڵیندەرو کۆمپانیاکان دەست بەرداری پرۆژەکانیان بنو لە سایەی بیروکراتیەتی رێکخراوەکانی سەر بە یو ئین هەندێکیان ئیعلانی ئیفلاس بوونی خۆیان بکەن !! ئەو کاتە بارەکە قورستر دەبێ و ئاودانکردنەوەی دێهاتەکان دەوەستێو ژمارەیێکی زۆری وەستاو کرێکارمان بێ ئیش بن و دارتاش و ئاسنگەرو جامچی و هەندێك لە کارخانەکان و بایعی کەرەستەکانی بینا بە پێچەوانەی بایعەکانی خۆراك بازاریان روو لە کزی بکات !!! لە دە ساڵی رابردوو دا نەمانکرد کۆنفرانسێکی هاو شێوەی (منتدی الاقتصاد الاوروبی) ببستین، کوردو تەنی ((پێشی تاکە بەرِ بە خۆماندا بدەین)). پیم وایە ئەمرۆش دەکرێ هەردوو هەرێم بیرێکی جدی لەو مەسەلەیە بکەنەوە و کۆنگرەیەکی فراوان بۆ تەگبیر کردن لەحاڵی ئابووری کوردستان ببەستن و شارەزایان و پسپۆرانی بیانی و خۆماڵی داوەت بکرێن و بەرنامەیەکی زانستی و گونجاو بۆ دەربازکردنی بازاڕی ئابووریمان لەئلبوورییەی قاچاغەوە بۆ ئابوورییەکی سەردەمانە دابنێن.

www.kurdistannet.org